Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر

ژمارە:
بەروار: 2014/12/15

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت / هەموار کردنەوەی یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیاری (هەموارى دووەمى یاسای ژمارە ٣ی ساڵی١٩٩٨) پێش کەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەندامانی واژووکردووی پێشنیاری یاساکە:

ز	ناوی پەرلەمانتار	واژۆ
١	ابوبكر عمر عبد الله	
٢	يعقوب كوركيس يابا	
٣	د. شوان هەڵدێ	
٤	هێڤا حاجی سەرحان	
٥	سۆران عومەر	
٦	عبد الرحمن علي طه	
٧	عباس فتاح صالح	
٨	غريب مسته فاهم فاله	
٩	ئۆمێد حەمەلی	
١٠	محبوبة اسحاق احمد	
١١	ئۆمێد عبد الرحمن	

پرۆژە

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠١٥

یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨

یاسای کۆژاندنەوەو ئیفرازکردنی زەوییەکان لە ناو سنووری شارەوانییەکاندا

ماددە (١):

ئەو خاوەنی مافە رەفتارکارییانەی بەر لە درەرچوونی یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرێژەی (٨٪) قەرەبوو کراونەتەوە، ئەوا بەرێژەی (٤٪)ی کۆی گشتی رووبەری ئەو زەوییانەی مافی رەفتارکارییان کۆژاندراوەتەوە لە نزیکترین شوێنی شیاو قەرەبوو دەکرێنەوەو وەك مولکێکی صرف بەناوی تۆمار دەکرێت.

ماددە (٢):

خاوەنی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کەوا مولکی صرف بووینە لەوانەی بەر لە دەرچوونی یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرێژەی (١٢٪) قەرەبوو کراونەتەوە، ئەوا بەرێژەی (٨٪)ی کۆی گشتی رووبەری ئەو زەوییانەی مافی رەفتارکارییان کۆژاندراوەتەوە لە نزیکترین شوێنی شیاو قەرەبوو دەکرێنەوەو وەك مولکێکی صرف بەناوی تۆمار دەکرێت.

ماددە (٣):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددە (٤):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددە (٥):

ئەم یاسایە لە رێکەوتی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەری و یەکسانی و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان بەهۆی یاسا بەیەك ناکۆکەکان و لەبەر بوونی تۆژێکی مافخوراو لەوانەی خاوەن زەوی کشتوکاڵیین چونکە کەمتر لە هاوشانەکانیان بەر لە دەرچوونی یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨ قەرەبوو کراونەتەوە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوونیدرا.